# پشتبەستنی ڕۆژنامەنووسان بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیی (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ڕۆژنامەنووسان لە ماڵپەرە کوردییەکاندا)

فاروق جمیل کریم[1]
[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Farooq.kareem@uoh.edu.iq

**پوختە:**

پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا دەرفەتی نوێی بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕەخساندووە کە شێوازی نوێ بگرنەبەر بۆ سازاندن و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیی، پاشان بڵاوکردنەوەیان لەڕێی تەواوی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نوێ، لەنێویشیاندا ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها تەکنۆلۆجیای نوێ، کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەم بوارەدا هەبووە، بەتایبەت بۆ کۆکردنەوە و سازاندنی هەواڵەکان بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان. لەو سۆنگەیەشەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ڕاددەی بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانە لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە کوردییەکانەوە. بۆ ئەو مەبەستە، توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفیی- ڕووپێویی بەستووە، بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپێویی ئەلیکترۆنیی (Google Form). مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٦٧) سازێنەری ڕۆژنامەوانیی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، لە هەرێمی کوردستانی عیراق. پاش کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان، توێژەر بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە، دیارترینیان: مۆبایل ئامێرێکی سەرەکییە لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا، چونکە زۆرینەی بەرتوێژەکان سوود لە ئەپەکانی مۆبایل وەردەگرن لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا. هەروەها زۆرترین سوودیان لە ئامرازە تەکنیکییەکان وەرگرتووە بۆ نوێکردنەوە، سازاندنەوە، ڕاستکردنەوەی هەواڵەکان، لەنێویاندا زۆرترین بایەخ بە نوێکردنەوەی هەواڵەکان دەدەن لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا. بەراورد بە ماڵپەرە ناودارە بیانییەکان، ماڵپەرە کوردییەکان نەیانتوانیوە سوود لەو تەکنیکە دانانی لینکی پەیوەندییدار وەربگرن کە تەکنیکێکی ئێکجار گرنگە و وەرگر دەباتەوە سەر ئەرشیف باکگراوندی هەواڵەکانی بەردەستی. ئەمە کەلێنێکی گەورەی سازاندنی ڕۆژنامەوانییە لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکاندا کوردییەکاندا. بەرتوێژەکان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا ژمارەی خوێنەر و کارلێکی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهەند وەردەگرن، بەڵام کەمتر بایەخ دەدەن بە دەرەنجامی توێژینەوە زانستییەکان و ئاماری ئەو ماڵپەرە جیهانییانەی کە تایبەتمەندن بە پۆلێنکردنی ڕادەی جەماوەریبوونی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهاندا. هەروەها زۆرینەی سازێنەران بە ڕێژەی (٦٤،١٧٪) پشت بە چات و گرووپ چات دەبەستن بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بابەتەکانیان.

**وشە کلیلەکان:** ماڵپەڕ- سازاندنی ڕۆژنامەوانیی- سازاندنی ئەلیکترۆنیی- ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان

---

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10463 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Farooq.kareem@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣م.ی. فاروق جمیل کریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص:**

أتاحت التقدم التكنولوجي فرصا جديدة للصحفيين لتحرير وإنتاج المواد الإعلامية بطرق حديثة ونشرها بأشكال متعددة في وسائل الإعلام الجديدة بما في ذلك المواقع الإلكترونية. حيث عكست التكنولوجيا الرقمية تأثيرها على الممارسات الصحفية بمجموعة من الفوائد تتمثل في جمع وتحرير الأخبار من خلال أستخدام الأدوات الإلكترونية الحديثة. لذلك تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على مدى إعتماد الصحفيين على الأدوات الإلكترونية للتحرير الصحفي في المواقع الإلكترونية الكوردية. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمد الباحث على طريقة المسح باستخدام نموذج الاستبيان الإلكتروني (Google Form). تكونت عينة الدراسة من (٦٧) محررا ومحررة في المواقع الإلكترونية الكوردية في إقليم كوردستان العراق. وتوصل الباحث الى عدة نتائج، أبرزها: أصبحت الهواتف المحمولة أداة رئيسية في ممارسة العمل الصحفي، لأن معظم المبحوثين يستخدمون تطبيقات الهاتف المحمول في التحرير الصحفي. كما أنهم استفادوا إلى أقصى حد من التقنيات الحديثة لتحديث الأخبار وتصحيحها، بما في ذلك تحديث الأخبار عند توفر معلومات جديدة حول المادة المنشورة. مقارنة بالمواقع الأجنبية المعروفة، لم تتمكن المواقع الإلكترونية الكوردية من الاستفادة من تقنية (إرفاق الروابط ذات صلة بالمضمون)، وهي تقنية مهمة للغاية لأنها تعيد الجمهور إلى أرشيف وخلفية المعلومات المتعلقة بالاخبار. لذلك تعتبر هذه فجوة كبيرة في مجال التحرير الإلكتروني في المواقع الكوردية. بينما يأخذ المبحوثون في الاعتبار عدد القراء وتفاعل مستخدمي الشبكات الاجتماعية في تحرير المواد الصحفية، لكنهم يولون اهتمامًا أقل بنتائج البحوث العلمية وإحصائيات المواقع العالمية المتخصصة في تصنيف المواقع الإلكترونية. غالبية محرري المواقع الكوردية وبنسبة (٦٤،١٧٪) يعتمدون على اداة الدردشة والدردشة الجماعية لتبادل الأفكار.

الكلمات المفتاحية: المواقع الإلكترونية- التحرير الصحفي- التحرير الإلكتروني- أدوات التحرير الإلكتروني

**Abstract:**

Technological progress offers new opportunities for journalists to edit and produce media materials in a modern way and publish them in a variety of ways in a new media with us in these Websites. The new media letter influences in journalistic practices with a number of benefits illustrated in news gathering and editing through the use of modern electronic tools. Therefore, the aim of this study is to introduce the media of journalists' Dependence on electronic tools for journalistic editing in Kurdish websites. To achieve this objective, the researcher relied on the survey method using the electronic questionnaire form (Google Form). The study sample consisted of (67) male and female editors in Kurdish websites in the Kurdistan Region of Iraq. The researcher found that: Mobile phones have become a major tool in the practice of journalistic work, because most respondents use mobile phone applications in journalistic editing. They have also made the most of modern techniques for updating and correcting news. The editors of Kurdish websites have not been able to take advantage of the technology (attaching links), Therefore, this is a big gap in the field of electronic editing in Kurdish websites. While the respondents take into account the number of readers and the interaction of social network users in editing press materials, they pay less attention to the results of scientific research and the statistics of international sites specialized in website classification. The majority of Kurdish website editors %64,17 rely on the chat and group chat tool to exchange ideas.

Keywords: Website- Journalistic Editing - Electronic Editing - Electronic Editing Tools

## ١/ پێشەکی:

هەردوو دەیەی دەستپێکی سەدەی بیست و یەک، گەورەترین و فراوانترین پێشکەوتنی بواری تەکنۆلۆجیای بەخۆوە بینیوە. ئەو پێشکەوتنانە هێندە خێرا و فرە ڕەهەندن، زۆربەی بوارەکانی ژیان و پیشەی تاکەکانیان، هەم ئاسان و هەم جەنجاڵ کردووە. لایەنی ئەرێنیی داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان ئەوەیە کە چەندین ئامراز و تەکنیکی نوێیان خستووەتە خزمەتی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایەتییەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، ملیۆنان کەس پشت بەم ئامرازانە دەبەستن بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە و پەیوەندییکردن و وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی پسپۆڕیی و تایبەتمەندیی ئەرک و ئامانجەکانیاندا. یەکێک لەو بوارانەی کە –بەراورد بە ڕابردوو- لەم قۆناغەدا، زۆرترین ئامراز و تەکنیکی نوێی بەخۆوە بینیوە، بواری ڕاگەیاندنە. لە سەردەمی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆجیادا، چیتر کاری میدیایی بەو شێوە کۆنباوەی جاران نەماوە. ئەگەر جاران، زۆرترین مامەڵەی ڕۆژنامەنووس و سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ قەڵەم و کاخەز و کامێرا و ڕیکۆردەرە سادەکاندا بووبیت، ئەوا لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیایدا، زۆربەی ئامرازەکان لە چوارچێوەی دنیای گریمانەییدا بەرهەمدێن و وەرگریش هەر لەو جیهانەدا پێیان ئاشنادەبێت و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات.

زۆربوونی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی سازاندن و بەرهەمهێنان، زۆریی هۆیەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە، شکانی سنووری جوگرافیی کاری میدیایی، زۆریی و سادەیی بەکارهێنانی ئامێرەکانی وەرگرتن، هەروەها زۆریی و هەمەجۆریی وەرگران، بەرزیی ئاستی هوشیاریی تاک لە بەکارهێنان و کارلێکی لەگەڵ میدیا و پەیامە میدیاییەکاندا، هەموو ئەمانە ئەرکی میدیاکار و سازێنەرانی ڕۆژنامەوانییان سەختتر کردووە. پێشکەوتن و داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان، ژینگەیەکی میدیایی پڕ کێبڕکێیان بەرهەمهێناوە. بەجۆرێک کە زیاتر لە میدیای کۆنباو، هەموو سەرنجی سازێنەران و خاوەندارانی دامەزراوە میدیاییەکان، پێشبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی وەرگر دەکەن و بەبایەخەوە هەڵسەنگاندن بۆ فیدباکی جەماوەر دەکەن بەرامبەر پەیامەکانیان. جگە لە ئامانجە میدیاییەکە، ئەم کێبڕکێیە ئامانگجەلی زۆری لەپشتەوەیە، لەوانە: سیاسیی، ئابووریی، بازرگانیی و... تاد. بۆیە لەوپێناوەدا چەندین ڕێگا دەگیرێتەبەر، لەوانە: سوودوەرگرتن لە نوێترین و کاریگەرترین تەکنیکەکانی سازاندن و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیی، پێگەیاندن و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە و دواجار پێشکەشکردنی باشترینەکان بە جەماوەر.

لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، هەوڵێکی بەرچاو هەیە بۆ هەڵکردن لەگەڵ داهینانە تەکنۆلۆجییەکان و بەگەرخستنیان لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا. جگە لەوانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک ڕۆژنامەنووس و ناوەڕۆکسازی هاوڵاتی کاردەکەن، ڕۆژانە سەدان ڕۆژنامەوان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا کار بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان دەکەن. کێبڕکێی توند دەکەن تا لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازی گەیاندن و پێشکەشکردنەوە، باشترین بەرهەم پێشکەش بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، سوود لە ئامرازە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان وەردەگرن. بایەخ و گرنگیی بەگەڕخستنی ئەو ئامرازانە وەک پێویستییەکی بنچینەیی لە کایەی ڕۆژنامەوانییدا، پاساوی ئەم توێژینەوەیەیە. توێژەر دەیەوێت لەڕێگەی ڕاپێویی ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە کوردییەکانەوە، ڕۆشنایی بخاتەسەر دۆخ و ڕادەی پشتبەستنی ڕۆژنامەنووسانی کورد بەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بوونەتە کەرەستەی سازاندن و پێشکەشکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لەڕێی میدیای نوێ، بەتایبەت ماڵپەرەکانەوە.

## ٢/ کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان وەک فاکتەری بنچینەیی لە سازاندنی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانییدا، لەم سەردەمی پێشکەوتن و داهێنانە زۆرەی تەکنۆلۆجیادا بوونەتە پێویستییەکی بنچینەیی لە بەجێهێنانی ئەرکی سازاندندا. ئەو ئامرازانە کە داهێنراوی نوێن، وەک دوێنەری هەستەکانی وەرگر ڕۆڵی کارا دەگێڕن لە گەیاندنی پەیامەکاندا. کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە هێشتا هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، کەمتەرخەمن لە بەگەڕخستنی ئامرازەکان بۆ ناوەڕۆکسازیی و بڵاوکردنەوەیان، یاخود ئەوەی دەیکەن لەئاستی پێویستدا

نیە. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەم توێژینەوەیە لە چۆنایەتیی بەگەڕخستنی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان دەکۆڵێتەوە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە کوردییەکانەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، توێژەر پرسیارێکی سەرەکیی دەوروژێنێت:

ئایا ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانە کامانەن کە ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە کوردییەکان پشتیان پێدەبەستن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارەشدا، توێژەر دوو لقە پرسیاری دیکە دەورووژێنێت:

-ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانە کامانەن کە ڕۆژنامەنووسانی کورد بەپێی بونیادی ماڵپەر، لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا پشتیان پێدەبەستن؟

-ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانە کامانەن کە ڕۆژنامەنووسان بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێ، لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا پشتیان پێدەبەستن ؟

## ٣/ بایەخی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو بواری تیۆریی و پراکتیکییەوە، بایەخی تایبەتی هەیە کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

- لە دیاردەیەکی نوێ دەکۆڵێتەوە کە بەهۆی خێرایی داهێنانە تەکنۆلۆجییەکانەوە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. هەروەها ڕۆشنایی دەخاتە سەر گۆڕانکارییە نوێیەکان لە ناوەڕۆک و ڕووالەتی سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەڕێی بەگەڕخستنی ئامرازە هەمەجۆرەکانی میدیا (مەلتیمیدیا).

-نیشاندانی گرنگیی و کاریگەریی ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەیە بۆ سازینەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد وەک پێویستییەکی هەنووکەیی لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا. هەروەها پشتگوێخستنیان دەبێتە مایەی دابڕان لە کاروانی پێکەوە گرێدانی میدیا و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان.

## ٤/ توێژینەوەکانی پێشوو:

**٤-١/ توێژینەوەی (أرباب: ٢٠٢١):** ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕاددەی بایەخدانی ماڵپەرە هەواڵییە ئیماراتییەکانە بە ئامرازەکانی سازاندنی ئەلیکترۆنیی و شێوازەکانی پاڵپشتیکردنیان بە تەکنیکی مەلتیمیدیا لە بابەتە هەواڵییەکان لە پەیجەکانیاندا. توێژەر ڕێبازی ڕووپێویی شیکاریی بەکاهێناوە و پشتی بە ئامرازی شیکاری ناوەڕۆکی چەندایەتیی و چۆنایەتیی بەستووە بۆ مشتەی ماڵپەرەکان کە بریتیین لە (الشارقة٢٤- برق الإمارات- العين الإخباري). لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: تەواوی ماڵپەرەکان لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیاندا پشت بە هەرسێ ڕەگەزی سەرەکیی (تێکست، فۆتۆ، گرافیک) دەبەستن، بەڵام هیچکام لە ماڵپەرە ئیماراتییەکان پشتیان بە ڕەگەزی (دەنگ) نەبەستووە لە سازاندندا.

**٤-٢/ توێژینەوەی (سمباوە: ٢٠٢٢):** ئامانجی ئاشنابوونە بە کاریگەریی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ میدیا لەسەر ناوەڕۆکسازیی ڕۆژنامەوانیی لە دیدی نێرەر و ڕۆژنامەنووسانی سعودییەوە. توێژەر ڕێبازی ڕووپێویی بەکارهێناوە و پشتی بە فۆرمی ڕاپێویی بەستووە. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (١٥٠) ناوەڕۆکسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و ڕۆژنامە کاخەزییەکان. توێژەر بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە، لەوانە: ڕێژەی (٧٤٪)ی بەرتوێژەکان بەشێوەیەکی بەردەوام پشت بە تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ میدیا دەبەستن لە ناوەڕۆکسازییدا. تێکستی دیجیتاڵیی، دیارترین شێوازە لە بەرهەمهێناندا، پاشان ئینفۆگرافیک، گرافیک دیزاین، فۆتۆ، کورتە ڤیدیۆ، پۆدکاست. زۆرینە بەپێویستی دەزانن لە هەر دەزگایەکی میدیاییدا یەکەی تایبەتی دیجیتاڵ میدیا هەبێت.

**٤-٣/ توێژینەوەی (عابد، ئەحمەد: ٢٠٢٢):** توێژینەوەیەکی وەسفیی بەراوردکارییە بەئامانجی زانینی ڕاددەی کاریگەرێتیی تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ڕۆژنامەنووسانی هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ- ئاوێنە). بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، هەردوو توێژەر چەند ئامراز و شێوازێکیان بەکارهیناوە کە بریتیین لە (فۆرمی سەرەتایی زانیاریی کۆکردنەوە- فۆرمی ڕاپرسیی دەستەی تایبەت- فۆکەس گرووپ و چاوپێکەوتن). توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتوون کە سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمپیوتەری (دیسکتۆپ) بۆ سازاندنی بابەتەکانیان بەکاردەهێنن. بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد

زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و هەمیشە بەکارهێنانی ئامرازی کۆمپیوتەر دەبێتە هۆی باشترکردن و خێراترکردنی کاری سازاندن و کەمکردنەوەی تێچووی کات لە رۆژنامە و پێکەوەبەستنی ستافی رۆژنامە و ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان.

**٤-٤/ توێژینەوەی (عبد الرحمن: ٢٠٢٢):** ئامانجی ئاشنابوونە بە ئامراز و ئاراستەکانی ناوەڕۆکسازیی لە دامەزراوە میدیاییەکانی میسر، لێکەوتەکانی لەسەر شێوازی کاری رۆژنامەوانیی و ئاستەنگەکانی بەردەمی. توێژەر پشتی بە هەردوو ئامرازی تێبینی و چاوپێکەوتنی قووڵ بەستووە و بەسەر چوار دامەزراوەی میدیاییدا جێبەجێی کردووە: (الأهرام- اليوم السابع- المصري اليوم- الوطن). مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٢) بەرتوێژ. لە دیارترین ئەنجامەکانی: تەکنۆلۆجیا کاریگەریی ئاشکرای هەبووە لەسەر پەرەپێدان و ئامرازەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردان و بڕیارسازییدا. میدیای میسریی شێوازی نوێی گرتووەتەبەر بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردن و سازاندنی رۆژنامەوانیی، لەوانە: رۆژنامەگەریی ڤیدیۆیی، ئینفۆگرافیک، داتاکان، رۆژنامەگەریی مۆبایل.

**٤-٥/ توێژینەوەی (حسناء، و سميرة: ٢٠٢١):** ئامانجی ئاشکراکردنی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی مەڵتیمیدیایە لە سازاندن و ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی رادیۆدا. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەو بابەتەنای لە مانگێکدا لەسەر ماڵپەری رادیۆی نیشتمانیی جەزائیر بڵاوکراونەتەوە. هەردوو توێژەر پشتیان بە ئامرازی فۆڕمی شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی: رادیۆی جەزائیر بەشێوەیەکی بەرجاو پشتی بە ئامرازەکانی مەڵتیمیدیا بەستووە لە سازاندنی رۆژنامەوانییدا، لەوانە: (تێکست، دەنگ، ڤیدیۆ، لینک). ماڵپەرەکە بواری بە وەرگرانی نەداوە بۆچوونی خۆیان لەڕێی کۆمێنت و کارلێککردنەوە دەربڕن دەربارەی بابەتە رۆژنامەوانییەکان. ماڵپەرەکە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە سوود لە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی سازاندن و بڵاوکردنەوە وەربگرێت.

**٤-٦/ توێژینەوەی (Obajuluoa, Others: 2020):** ئامانجی ئاشکراکردنی ئاستی سوودوەرگرتنی رۆژنامەنووسانە لە تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان. توێژەران پشتیان بە فۆڕمی راپێویی بەستووە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٤) پەیامنێر و بێژەری هەواڵ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی کەناڵە میدیاییەکان لە شاری (ئیکیتا)ی نەیجیریا. لەکۆتاییدا توێژەران بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتوون، دیارترینیان: لە کەناڵەکانی مشتەی توێژینەوەکەدا، وەکو پێویست ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ لە سازاندندا فەراهەم نەکراوە و زۆربەیان ئامێر و ئینتەرنێتی کەسیی بەکاردەهێنن. ئەوەش کاریگەریی کردووەتە سەر پەرەپێدانی توانای روژنامەنووسان لە سازاندنی رۆژنامەوانییدا. هەروەها زۆرینەی بەرتوێژەکان لەوە دڵنیان کە تەکنۆلۆجیای نوێ دەبێتە هۆی ئاسانکاریی و پەرەپیدانی چۆنایەتیی لە بەرهەمهێناندا.

**٤-٧/ توێژینەوەی (Khan: 2019):** توێژینەوەیەکی ئایندەییە لەبەر رۆشنایی مۆدێلی تیۆریی (ئاوێتەبوونی دیجیتاڵیی). ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەریی تەکنۆلۆجیایە لەسەر بەرهەمهێنانی میدیایی. توێژەر رۆشنایی خستووەتە سەر هەنگاوەکانی کاریگەریی و پێشکەوتنی رۆژنامەوانیی دیجیتاڵیی: (تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت وەک جادووی سەدەی بیستەم، نزیکبوونەوەی میدیایی، گۆڕانە بونیادییەکان، فرەبەهرەیی و گۆڕانکاریی پیشەیی). لە گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە: بەهۆی پێشکەوتن و داهێنانە تەکنۆلۆجییەکانەوە، پێویستە رۆژنامەنووس فرە بەهرە بێت لە سازاندنی رۆژنامەوانییدا، توانای سازاندن و مۆنتاژ و رێکخستنەوەی بابەتە هەواڵییەکانی هەبێت. هیچ بوارێکی پاشەکشێ نەماوە بۆ رۆژنامەنووسان، پێویستە شارەزایی تەواویان هەبێت لە سازاندنی دەنگ، فۆتۆ، ڤیدیۆ، گینفۆگرافیک لە ژوورەکانی هەواڵدا لەڕێی پرۆگرام و ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای نوێوە.

**٥/ تیۆریی ئاوێتەبوونی دیجیتاڵیی (Digital Convergence):**

لەڕووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە تیۆریی ئاوێتەبوونی دیجیتاڵیی (Digital Convergence) بەستووە وەک چوارچێوەیەکی تیۆریی لەبار و گونجاو لەگەڵ کێشەی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

وەک لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانییدا هاتووە، ئاوێتەبوونی دیجیتاڵیی بریتییە لە دیاردەی یەکگرتنی تەکنۆلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییکردن (ICT) لەگەڵ تۆڕەکانی کۆمپیوتەر (Computer Networks) و ناوەڕۆکە میدیاییەکان (Media Content) بۆ بەدیجیتاڵکردن و

بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لەڕێی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیاوە. (Terry,2021,P60). واتە ئاوێتەکردنی چەند ئەرکێک لە یەک هەڵگر (Stand)دا، ئەوەش دەرەنجامی بەربڵاویی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەدیجیتاڵکردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان.

چەمکی (ئاوێتەبوونی دیجیتاڵی) دوو ڕەهەندی سەرەکیی هەیە (Phillips,2015,P102):

یەکەم/ بازدان لە تەکنیکەکانی میدیای کلاسیکییەوە –کە بەرەو نەمان دەچن- بەرەو تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵیی و پشتبەستن بە ئامرازە نوێیەکانی جیهانی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆجیا.

دووەم/ ستراتیژیی ئابووریی وەک بنەمای کارکردنی هۆیەکانی میدیا و کۆمەنیکەیشن لەڕێی بەگەڕخستنی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵییەوە.

توێژەر و میدیاکاری ئەمریکایی (Roger Fidler) کە پەرەی بەم تیۆرییە داوە، لە کتێبی (Media Morphosis: Understanding the New Media)دا باس لە سڕینەوەی سنووری نێوان ئامرازە میدیاییەکان دەکات بەهۆی ڕەهەندە تەکنۆلۆجیی و ئابووریی و کلتوورییەکانەوە. ئەو ڕەهەندانەی کە کاریگەریی بەرچاویان کردووەتە سەر ناوەڕۆکسازیی و سازاندنی ڕۆژنامەوانیی، بەجۆرێک کە وای لە توێژەران کردووە لێی بکۆڵنەوە. (Hardy,2016,P17). ئەو ڕوانینە کە بە (دەروازەی فیدلەر بۆ ئاشنابوون بە میدیای نوێ) ناسراوە، دووپاتکردنەوەی بایەخ و کاریگەریی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانە لە سازاندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانییدا، کە لەئیستادا بووەتە پێویستییەکی گرنگی ئەوتۆ کە هیچ دەزگایەکی میدیایی ناتوانێت لێیان هەڵبێت. لەبەر ڕۆشنایی دەروازەکەی (فیدلەر)دا، توێژەران (Jenrins,2019,P55) باس لەو ڕەهەندانە دەکەن کە بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە ئامرازگەلی کاریگەریان بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی فەراهەمکردووە، ئەوانیش بریتیین لە:

-تەکنۆلۆجیی: ئاوێتەکردنی کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانە لە میدیای ئەلیکترۆنیی و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندا.

-پیشەسازیی: بەشداریی دامەزراوەکانی میدیای دیجیتاڵیی و کۆمپانیا گەورەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو گووگڵ و ئەپڵ و مایکرۆسۆفت کە پێشکەشکاری سەرەکیی ناوەڕۆکە میدیاییەکانن.

-کۆمەڵایەتیی: دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووک و تویتەر ویوتیوب و ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەکارهێنەران دەیسازێنن و بڵاویاندەکەنەوە.

-تێکستەکان: سازاندن و دارشتنەوە و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکەکان کە بە مۆدێلی (trans media) ناسراوە، چیرۆکەهەواڵ و ناوەڕۆکە میدیاییەکانی وەکو دەنگ و وێنە و تێکستەکان لەڕێی مەڵتیمیدیاوە دەخرێنەڕوو.

کەواتە پێشکەوتن و داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان لەئیستادا دۆخێکی ئەوتۆیان بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی ڕەخساندووە کە بەئاسانیی دەتوانن لەیەککاتدا ڕەگەز و ڕەهەندەکانی ئەم تیۆرییە پێکەوە ئاوێتە بکەن لە سازاندندا. ئەو داهێنانانە کاری ناوەڕۆکسازیی میدیاییان هێندە ئاسانکردووە کە لەڕووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە ڕەنگدانەوەی خێرا و بەرچاوی هەیە. هەروەها تێچووی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەشی کەمتر کردووە. کۆی ئەو پێدراوانە دەیسەلمێنن کە (ئاوێتەبوونی دیجیتاڵیی) تیۆرییەکی لەبار و گونجاوە بۆ کێشەی ئەم توێژینەوەیە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە ئاشنابوونە بەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ماڵپەڕەکاندا پشتیان پێدەبەستن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا.

## ٦/ ڕێکارە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە:

٦-١/ جۆری توێژینەوەکە: توێژینەوەیەکی وەسفییە و تیایدا ڕێبازی ڕووپێویی میدیایی بەکارهاتووە کە ڕێبازێکی سەرەکییە بۆ توێژینەوەی وەسفیی، بەوپێیەی کۆششێکی زانستیی ورد و ڕێکخراوە بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیارییەکان و وەسفی ئەو دیاردەیەی کە لێی دەکۆڵێتەوە.

٦-٢/ ئامرازی توێژینەوەکە: توێژەر ئامرازی ڕاپێویی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. بۆ ئەو مەبەستەش ئامرازی ڕاپێویی گووگڵ فۆرم بەکارهاتووە کە لە سەردەمی تەکنۆلۆجیای نوێدا باشترین ئامرازی ڕاپێوییە، چونکە ئامرازێکی خێرایە و تێچووی کات و دارایی کەمە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**٦-٣/ کۆمەڵی توێژینەوەکە:** خۆی لە ڕۆژنامەنووسان و سازێنەرانی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەبینێتەوە لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر- سلێمانی- دهۆک).

**٦-٤/ مشتەی توێژینەوەکە:** مشتەیەکی هەڕەمەکیی سادەیە و پێکهاتووە لە (٦٧) سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە ئەهلی و حزبییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن. ماڵپەرەکانیش پێکهاتوون لە (خەندان، باس نیوز، کۆباس، وشە، وێستگە نیوز، ئەڤرو، مەودا میدیا، زەمەن پرێس، سبەی، پی یو کەی میدیا، شارپرێس، درەو میدیا).

**٦-٥/ سنووری توێژینەوەکە:** أ/شوێن: توێژینەوەکە بەسەر ماڵپەرە کوردییەکاندا جێبەجێکراوە، لەڕێی ڕاپێویی مشتەیەکی هەڕەمەکیی مەبەستدار کە پێکهاتووە لە (٦٧) سازێنەر لەو ماڵپەرانەدا. ب/بابەت: پشتبەستنی سازێنەرانی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکانی (مشتەی توێژینەوەکە)یە بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان. پ/کات: ڕاپێوییەکە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٢دا ئەنجامدراوە.

**٧/ ناساندنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**٧-١/ ئامرازی ئەلیکترۆنیی:** کۆی ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە داهێنراوی سەردەمی تەکنۆلۆجیای نوێن و لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا بەکاردەهێنرێن. لینکەکان، دەنگ و ڤیدیۆ، فۆتۆ، ڕەنگ، گرافیک، ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی پێوانەکردنی فیدباکی وەرگر، بەرهەمهێنان و چاککردنەوە و نوێکردنەوە، شێوازەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە، ئامرازەکانی ئالوگۆڕ و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیارییەکان، لە دیارترین ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیین.

**٧-٢/ سازاندنی ئەلیکترۆنیی:** پرۆسەی نووسینەوە و داڕشتن و سازاندنی تێکست ڕەگەزە هەواڵییەکانی دیکەیە بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ یەکتردا، پاشان بڵاوکردنەوەیان لەڕێی خستنەڕووی سەربەخۆ و خێرا، یان لەڕێی لینک، یاخود لە شێوەی سازێنراوێکی جێگیر لەسەر ڕووپەڕی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان.

**٧-٣/ ماڵپەر:** بریتییە لە کۆمەڵە پەڕەیەکی وێب کە بەیەکەوە بەستراون و لەسەر سێرڤەرێک جێگیرکراون. پارێزراون و لەڕێی ناسێنەر و بەستەری تایبەتەوە وەرگر دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت. ماڵپەری ئەلیکترۆنیی هەڵگر و کۆکەرەوە و بڵاوکەرەوەی هەواڵ و زانیارییەکانە. لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست ئەو ماڵپەرە کوردییانەیە کە ڕۆژنامەنووسانی کورد بەهۆیانەوە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا.

**٨/ ڕاستاندن و جێگیرکردن:**

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپێویی بەکارهاتووە وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. پاش دروستکردنی فۆرمەکە بەشێوازی ئەلیکترۆنیی، وێنەی نێردراوە بۆ کۆمەڵێک پسپۆری میدیایی، بەمەبەستی دڵنیابوون لە گونجاویی بڕگە و بەشەکانی بەپێی ئامانج و پرسیارەکانی. لەسەر بنەمای سەرنج و تێبینیی هەڵسەنگێنەرەکان، توێژەر پێداچوونەوەی بۆ بەشێک لە پرسیار و بڕگەکانی کردووە.

بۆ چەسپاندنی فۆرمەکەش، لە قۆناغی یەکەمدا توێژەر فۆرمەکەی بەسەر مشتەیەکی بچووککراوەی توێژینەوکەدا جێبەجێکردووە کە ژمارەیان (١٠) بەرتوێژ بوو. دوای (١٥) ڕۆژیش، بۆ جاری دووەم پرۆسەکە دووبارەکرایەوە. بەگوێرەی بەراوردی ئەنجامەکان، دەرکەوت کە ڕاددەیەکی بەرزی جێگیریی لە فۆرمەکە و وەڵامی بەرتوێژەکاندا هەیە. ئەوەش ئاماژەی تێگەیشتنی باشیانە لە دەستەواژەکان.

## ٩/ پراکتیکنامەی توێژینەوەکە:

**خشتەی (١): تایبەتمەندیی بەرتوێژان ڕووندەکاتەوە:**

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٣٨ | ٥٦،٧١ |
| | مێ | ٢٩ | ٤٣،٢٨ |
| | کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٩ |
| ئەزموونی کار | ٥- ١٠ ساڵ | ٢٦ | ٣٨،٨٠ |
| | ١١- ١٥ ساڵ | ٢١ | ٣١،٣٤ |
| | ١٦- ٢٠ ساڵ | ٩ | ١٣،٤٣ |
| | زیاتر لە ٢٠ ساڵ | ١١ | ١٦،٤١ |
| | کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ |
| خاوەندارێتیی ماڵپەڕ | حکومیی | ٠ | ٠ |
| | حزبیی | ١٢ | ١٧،٩١ |
| | ئەهلیی | ٥٥ | ٨٢،٠٨ |
| | کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٩ |
| پۆست | سەرنووسەر | ٧ | ١٠،٤٤ |
| | سازێنەر (محرر) | ٢٩ | ٤٣،٢٨ |
| | دیزاینەر | ١٦ | ٢٣،٨٨ |
| | مۆنتێر | ١٥ | ٢٢،٣٨ |
| | کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ |

وەک لە خشتەی (١)دا دەردەکەوێت، تایبەتمەندیی بەرتوێژان هەمەجۆرە. سەبارەت بە گۆڕاوی (ڕەگەز)، زۆرینەیان لە ڕەگەزی نێرن بە ڕێژەی (٥٦،٧١٪)، ئەوانی دیکەش لە ڕەگەزی مێ-ن بە ڕێژەی (٤٣،٢٨٪). ئەم ڕێژەیە نیشانیدەدات لەئێستادا دەرفەتی باش بۆ خانمان ڕەخساوە شانبەشانی ڕەگەزی بەرامبەر لە دەزگا میدیاییەکاندا کاربکەن. ئەوەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ زیادبوونی ڕێژەکە لە داهاتوودا. گۆڕاوی دووەم کە ئەزموونی بەرتوێژەکانە لە کاری ڕۆژنامەنووسییدا، ئەوانەی ماوەی (٥-١٠ ساڵ) ئەزموونیان هەیە بە ڕێژەی (٣٨،٨٠٪) لە پلەی یەکەمدان. پاشان ئەزموونی (١١-١٥ ساڵ) لە پلەی دووەمدان بە ڕێژەی (٣١،٣٤٪). پلەی سێیەمیش بە ڕێژەی (١٦،٤١٪) ئەو بەرتوێژانە گرتوویانە کە ئەزموونی زیاتر لە (٢٠ ساڵ)یان هەیە. دوایین پلەش ئەوانەن کە ئەزموونی (١٦-٢٠ ساڵ)یان هەیە بە ڕێژەی (١٣،٤٣٪). ئەو داتایانە ڕوونیدەکەنەوە کە ئەوانەی کەمترین ئەزموونیان هەیە زۆرینەی سازێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پێکدەهێنن. سەبارەت بە گۆڕاوی سێیەم کە تایبەتە بە لایەنی پارەدارکردن و ئاراستەکردن (خاوەنی ماڵپەڕەکان)، داتاکان نیشانیدەدەن کە زۆرینەی بەرتوێژەکان بە ڕێژەی (٨٢،٠٨٪) بەو جۆرە شوێنی کارەکەیان ناساندووە/ یان ناسیویانە کە ماڵپەڕێکی ئەهلییە. ئەوەی دەمێنێتەوە، ئەو بەرتوێژانەن کە لە ماڵپەڕە حزبییەکاندا کاردەکەن و ڕێژەیان دەکاتە (١٧،٩١٪). ئەم ئەنجامانە لەکاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێک ڕۆژنامەنووسان و ئەکادیمیان، پێیان وایە حزبە سیاسییەکان دەستیان وەرداوەتە نیوکایەی میدیایی و بەو هۆیەشەوە کەمترین کەناڵی ئەهلیی هەیە. گۆڕاوی چوارەم و کۆتایی، تایبەتمەندیی پۆست (ئەرک)ی بەرتوێژەکان ڕووندەکاتەوە. زۆرینەیان وەک سازێنەر (محرر) لە ماڵپەڕەکاندا کاردەکەن

بە ڕێژەی (٤٣،٢٨٪)ی كۆی بەرتوێژەكان. پاشان دیزاینەر لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی (٢٣،٨٨٪). بەدوای ئەویشدا بە جیاوازییەكی كەم، ئەوانەن كە وەكو مۆنتێر كاردەكەن و ڕێژەكەیان (٢٢،٢٨٪)ە. پلەی چوارەم و كۆتاییش ئەوانەن كە وەك سەرنووسەر، كاریان ئاراستەكردنی سازێنەرانی ماڵپەرەكانە و ڕێژەیان دەگاتە (١٠،٤٤٪)ی بەرتوێژەكان. ئەو ڕێژانە ئاماژەن بۆ بایەخ و ڕۆڵی سازێنەران لە ماڵپەرەكاندا، كە بەبێ ئەوان سازاندن و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیی كارێكی ئاسان نیە. هەروەها دیزاینەر و مۆنتێرەكانیش وەك تەواوكەر و هۆكاری بەئەنجام گەیاندنی كۆششی سازێنەرانن.

**خشتەی (٢): پێكهاتەی هەواڵەكان كە سازێنەران زۆرترین بایەخی پێدەدەن:**

| بژاردەكان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| تێكست | ٢١ | ٣١،٣٤ | ٢ |
| ڤیدیۆ هەواڵ | ١٢ | ١٧،٩١ | ٣ |
| ئینفۆگرافیك | ٨ | ١١،٩٤ | ٤ |
| فۆتۆستۆری | ٤ | ٥،٩٧ | ٥ |
| هەموو بژاردەكان سەرەوە | ٢٢ | ٣٢،٨٣ | ١ |
| كۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٩ | |

بەپێی خشتەی (٢) كە تایبەتە سروشت و پێكهاتەی ئەو هەواڵانەی كە سازێنەران لەڕێی ئامرازە ئەلیكترۆنییەكانەوە، زۆرترین بایەخی پێدەدەن، ئەو ڕووندەبێتەوە كە زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٣٢،٨٣٪) بە گرنگییەوە هەموو شێوازەكانی (تێكست، ڤیدیۆ، ئینفۆگرافیك، فۆتۆستۆریی) لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا بەكاردەهێنن. پاشان لەپلەی دووەمدا بە ڕێژەی (٣١،٣٤٪) بایەخ بە تێكست دەدەن. ئەو جیاوازییە كەمەی نێوان بژاردەی یەكەم و دووەم، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە كە تێكست یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لە ماڵپەرە كوردییەكاندا، چونكە سەرباری فەراهەمبوونی ئامرازە ئەلیكترۆنییەكان بۆ دروستكردنی ڕەگەزە بینراوەكانی وەك (ڤیدیۆ، فۆتۆ، ئینفۆگرافیك)، هێشتا تێكست پێگە و كاریگەریی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامەكاندا. بژاردەی سێیەم كە سازێنەران بایەخی پێدەدەن، ڤیدیۆهەواڵە بە ڕێژەی (١٧،٩١٪). بەدوای ئەویشدا ئینفۆگرافیك دێت كە سازێنەرانی ماڵپەرە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان لەپلەی چوارەمدا بە ڕێژەی (١١،٩٤٪). ئەوەی دەمێنێتەوە فۆتۆستۆرییە كە بەرتوێژان لە پلەی كۆتاییدا بایەخی پێدەدەن بە ڕێژەی (٥،٩٧٪).

خشتەی (٣): ئامرازەكانی سازاندن بە سوودوەرگرتن لە تەكنۆلۆجیای نوێ:

| بژاردەكان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| تۆماركەری دەنگی دیجیتاڵیی | ٤ | ٥،٩٧ | ٥ |
| كامێرای دیجیتاڵیی | ٧ | ١٠،٤٤ | ٤ |
| پۆدكاست | ٠ | ٠ | ٦ |
| ئەپەكانی مۆبایل | ٢١ | ٣١،٣٤ | ١ |
| پرۆگرامەكانی فۆتۆشۆپ | ١٨ | ٢٦،٨٦ | ٢ |
| پرۆگرامی دیزاینی ئەلكترۆنی | ١٧ | ٢٥،٣٧ | ٣ |
| كۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ | |

وەك لە داتاكانی خشتەی (٣)دا دیارە، ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان بەپلەی یەكەم و ڕێژەی (٣١،٣٤٪) سوود لە ئەپەكانی مۆبایل وەردەگرن لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەكاندا. ئەم ڕێژەیە دەریدەخات كە مۆبایل ئامێرێكی سەرەكییە لە سازاندن و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانییدا. دەشێت هۆكارەكە ئەوەبێت كە زۆربەی پرۆگرام و ئەپەكانی نووسین و دیزاین و مۆنتاژ لە مۆبایلی زیرەكدا هەیە و هەڵگرتن و بەكارهێنانیشی ئاسانە. هەرچی پرۆگرامەكانی چاككردن و سازكردنی وێنەكانە كە بە فۆتۆشۆپ ناسراوە، لە پلەی دووەمی ئەو ئامرازانەدا هاتووە كە بەرتوێژان پشتی پێدەبەستن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا بە ڕێژەی (٢٦،٨٦٪). پاشان پرۆگرامی دیزاینی ئەلیكترۆنیی بە ڕێژەی

(٢٥،٣٧٪) لە پلەی سێیەمدا دێت. لە پلەی چوارەمیشدا کامێرای دیجیتاڵی دێت بە ڕێژەی (١٠،٤٤٪). تۆمارکەری دەنگیی دیجیتاڵییش پلەی پینجەمی گرتووە بە ڕێژەی (٥،٩٧٪). ئەوەی جێی سەرنجە هیچکام لە بەرتوێژەکان پشت بە پۆدکاست نابەستن وەک ئامرازیک بۆ سازاندن و بڵاوکردنەوە. ئەم ئامرازە هەم خۆی نوێیە و هەم هێشتا لە کوردستان نەبووەتە جێگەی بایەخی خەڵک و ڕۆژنامەنووسان.

**خشتەی (٤): جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی کە هاوپێچی سازێنراوە هەواڵییەکان دادەنرێن:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| دیمەنەکان بە دەنگی سروشتییەوە | ٨ | ١١،٩٤ | ٣ |
| دیمەنەکان بەبێ دەنگی سروشتیی | ٠ | ٠ | ٦ |
| دیمەنەکان بە دەنگی بێژەرەوە | ٥ | ٧،٤٦ | ٤ |
| دیمەنەکان لەگەڵ تێکستدا | ١٨ | ٢٦،٨٦ | ٢ |
| دیمەنەکان لەگەڵ گرافیکدا | ٢ | ٢،٩٨ | ٥ |
| دیمەنەکان لەگەڵ وێنەدا | ٠ | ٠ | ٦ |
| هەموو بژاردەکانی سەرەوە | ٣٤ | ٥٠،٧٤ | ١ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ | |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (٤)، ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (٥٠،٧٤٪) ڕەگەزی ڤیدیۆ ئاوێتەی تەواوی ڕەگەزە بینراو و بیستراوەکانی دیکە دەکەن، کە بریتیین لە: (دەنگە سروشتییەکان، دەنگی بێژەر، تێکست، گرافیک، فۆتۆ). ئەمە یەکێکە لە دیاردە ڕۆژنامەوانییە کاریگەرەکان لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا کە بە تێکەڵکردنی ئەو ڕەگەزانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سزاێنراوەکان پێشکەشی وەرگر دەکرێت. لەو ڕەگەزانەش کە بەتەنها هاوپێچی ڤیدیۆکان دەکرێن، تێکست وەک گرنگترین ڕەگەزی سازاندن پلەی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٢٦،٨٦٪). ئەم ڕێژەیە دووپاتی داتاکانی خشتەکانی پێشوو دەکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسان بەبایەخەوە پشتی پێدەبەستن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا. یەکێکی دیکە لەو ڕەگەزانەی کە بەرتوێژان هاوپێچی ڤیدیۆکانی دەکەن، دەنگە سروشتییەکانە، واتە ڕەگەزە بینراو و بیستراوەکانی ڤیدیۆکە وەکو خۆی پێشکەشی وەرگر دەکەن. لە پلەی چوارەمیشدا دەنگی بێژەر هاتووە بە ڕێژەی (٧،٤٦٪)، پاشان دیمەنەکان لەگەڵ گرافیکدا بە ڕێژەی (٢،٩٨٪). ئەوەی دەمێنێتەوە، هەردوو شێوازی ڤیدیۆکان بێدەنگکراو و ئاوێتەکردنی ڤیدیۆ و فۆتۆکانە، کە هیچکام لە بەرتوێژەکان بەتەنیا پشت بەم ڕەگەزانە نابەستن لە سازندنی ڕۆژنامەوانییدا.

**خشتەی (٥): چاککردنەوە و دەستکاریکردنی سازێنراوە هەواڵییەکان:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| نوێکردنەوەی هەواڵەکە لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا | ١٧ | ٢٥،٣٧ | ٢ |
| سازاندنی هەواڵێکی سەربەخۆ لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا | ٢ | ٢،٩٨ | ٤ |
| ڕاستکردنەوەی هەمان هەواڵ لەکاتی ئاشکرابوونی هەر هەڵەیەکدا | ١١ | ١٦،٤١ | ٣ |
| هەموو بژاردەکانی سەرەوە | ٣٧ | ٥٥،٢٢ | ١ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ | |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەک لە داتاکانی خشتەی (٥)دا ڕوونکراوەتەوە، ڕۆژنامەنووسانی ماڵپەرە کوردییەکان لە چاککردنەوە و دەستکاریکردنی سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا، وەک پاکێجێک لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٥٥،٢٢٪) سوود لە هەموو ئامرازە تەکنیکییە بەردەستەکان وەردەگرن، کە بریتیین لە: (نوێکردنەوە، سازاندنەوە، ڕاستکردنەوە). لەنێو ئەو تەکنیکانەشدا زۆرترین بایەخ بە نوێکردنەوەی هەواڵەکان دەدەن لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا. ئەم بژاردەیە پلەی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٢٥،٣٧٪). پاشان لە پلەی سێیەم و بە ڕێژەی (١٦،٤١٪) بژاردەی ڕاستکردنەوەی سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان لەکاتی ئاشکرابوونی هەر هەڵەیەکی ڕێنووسیی و واتایی و زانیارییدا. دوایین بژاردەش کە بە ڕێژەی (٢،٩٨٪) لە پلەی چوارەمدایە، سازاندنی هەواڵی نوێ و سەربەخۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی هەواڵەکانی پێشوو، لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا.

**خشتەی (٦): دانانی لینکی پەیوەندیدار بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەواڵەکە:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| لەناو تێکستەکەدا | ٩ | ١٣،٤٣ | ٣ |
| لەکۆتایی هەواڵەکەدا | ١٠ | ١٤،٩٢ | ٢ |
| لە هەردووکیاندا بەپێی پێویست | ٠ | ٠ | ٥ |
| لەگەڵ ڤیدیۆدا | ٤ | ٥،٩٧ | ٤ |
| هیچیان | ٤٤ | ٦٥،٦٧ | ١ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٩ | |

پەیوەست بە تەکنیکی خستنەڕووی زانیاریی زیاتری پەیوەندییدار بە سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان لەڕێی دانانی لینکەکانەوە، خشتەی (٦) نیشانی دەدات کە ڕێژەی (٦٥،٦٧٪)ی سازێنەران لە ماڵپەرە کوردییەکاندا لە هیچ جێگەیەکی تێکست و ڤیدیۆکاندا لینکی پەیوەندییدار دانانێن. بەراورد بە هەندێک لە ماڵپەرە ناودارە بیانییەکان، ماڵپەرە کوردییەکان نەیانتوانیوە سوود لەو تەکنیکە وەربگرن کە تەکنیکێکی ئێکجار گرنگە و وەرگر دەباتەوە سەر ئەرشیف و باکگراوندی هەواڵەکان. ئەمە کەلێنێکی گەورەی سازاندنی ڕۆژنامەوانییە لە ماڵپەرەکاندا. ئەوەی دەمێنێتەوە، بژاردەی دانانی لینکی زانیارییەکانە لە کۆتایی هەواڵەکاندا بە ڕێژەی (١٤،٩٢٪)، دوای ئەویش بژاردەی دانانی لینکەکان لەناو تێکستدا بە ڕێژەی (١٣،٤٣٪) لە پلەی سێیەمدا دێت. هەروەها بەرتوێژەکان کەمترین بایەخ دەدەن بە دانانی لینکی زانیارییەکان لەسەر سازێنراوە ڕۆژنامەوانییە ڤیدیۆییەکان بە ڕێژەی (٥،٩٧٪). ئەو ڕێژەیەش لەئاست بایەخی بەکارهێنانی تەکنیکە کاریگەرەکانی سازاندندا نییە لە سەردەمی فرە ئامرازیی (مەڵتیمیدیا)دا.

**خشتەی (٧): بەشداریی و کارلێکی وەرگر لەگەڵ سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| نووسینی کۆمێنت لەناو ماڵپەڕەکەدا | ١٧ | ٢٥،٣٧ | ٢ |
| شەیرکردن بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٤٥ | ٦٧،١٦ | ١ |
| وەرگر بواری کارلێکی نییە | ٥ | ٧،٤٦ | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٩ | |

لە خشتەی (٧)دا ئەو بوارانە خراونەتەڕوو کە بەهۆیانەوە وەرگر دەتوانێت کارلێک لەگەڵ سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا بکات. زۆرینەی سازێنەران لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بە ڕێژەی (٦٧،١٦٪) ئەو تایبەتمەندییەیان بۆ وەرگر ڕەخساندووە کە بتوانێت بە کلیکێک بابەتەکە شەیر بکات بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم تایبەتمەندییە یەکێکە لە ئامرازە نوێ و کاریگەرەکانی کارلێکی وەرگر لەگەڵ هەواڵەکان و هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆی پێدەکات لە بانگەشەکردن بۆ خودی ماڵپەڕەکەش. لە پلەی دووەمیشدا ڕێژەی (٢٥،٣٧٪)ی وەڵامی بەرتوێژەکان بەو جۆرەیە کە هەر لەناو ماڵپەڕەکەدا پانتایی تەرخان دەکەن بۆ نووسینی کۆمێنت لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان لەلایەن وەرگرانەوە. ئەو دوو ڕێژەیەی سەرەوە، نیشانیدەدەن کە سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تایبەتمەندیی بواری کارلێککردنی وەرگریان بەهەند وەرگرتووە، ئەوەش هەم هەڵکردنە لەگەڵ تەکنیکە تازەکانی ڕاکێشانی وەرگر و پاشان ئامرازێکی ئاسان و گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندن و زانینی ڕادەی فیدباکی وەرگران. ئەوەی دەمێنێتەوە، ڕێژەی (٧،٤٦٪)ی سازێنەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان هیچ بوارێکی کارلێککردن لەگەڵ سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا بۆ وەرگر نارەخسێنن، بە هۆکاری ئەوەی کە سروشت و پێکهاتەی ماڵپەڕەکەیان لە بنەڕەتەوە ئەو تایبەتمەندییە لەخۆناگرێت.

خشتەی (٨): پێوانەکردنی فیدباکی وەرگر لەگەڵ سازێنراوە هەواڵییەکان:

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ژمارەی بینەر (خوێنەر)ی هەواڵەکە | ٢٥ | ٣٧،٣١ | ١ |
| ڕادەی کارلێک (لایک، کۆمێنت، شەیر) | ٢٤ | ٣٥،٨٢ | ٢ |
| ئیمەیل و نامەی وەرگرەکان | ٣ | ٤،٤٧ | ٥ |
| ڕاپرسیی و توێژینەوە زانستییەکان | ٤ | ٥،٩٧ | ٤ |
| ماڵپەڕە تایبەتمەندە جیهانییەکان | ١١ | ١٦،٤١ | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩،٩٨ | |

خشتەی (٨)، وەڵامی بەرتوێژەکان لەخۆدەگرێت سەبارەت بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی پێوانەکردنی فیدباکی وەرگر بەرامبەر سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی بەرتوێژەکان پشت بە ژمارەی بینەر (خوێنەر)ی هەواڵەکان دەبەستن وەک ئامرازێک بۆ زانینی کاریگەریی و ڕادەی بڵاوبوونەوە و هەڵوێستی وەرگر لەبارەیانەوە. بەدوای ئەویشدا پشت بە بژاردەی (ڕێژەی لایک، کۆمێنت، شەیرکردن) دەبەستن وەک دووەم پێوەر بە ڕێژەی (٣٥،٨٢٪) بەکاردەهێنن بۆ پێوانەکردنەکە. ئەم دوو ڕێژە بەرزە نیشانیدەدەن کە سازێنەران لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا زۆرترین سەرنجیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و لە سازاندن و بڵاوکردنەوەشدا کاردانەوە و کارلێکی بەکارهێنەرانی لەبەرچاودەگرن. لە بەرامبەریشدا بایەخێکی کەم دەدەن بە داتا و ڕیزبەندیی ماڵپەڕەکان کە دەرەنجامی توێژینەوە زانستییەکان و ئاماری ئەو ماڵپەڕە جیهانییانەن کە تایبەتمەندن بە پۆلێنکردنی ڕادەی جەماوەرییبوونی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهاندا. وەڵامی بەرتوێژەکان ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە سازینەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان لە پلەی سێیەمدا بە ڕێژەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(١٦،٤١ ٪) پشت بە ماڵپەرە جیهانییە تایبەتمەندەکان دەبەستن. لە پلەی چوارەمیشدا پشت بە ڕاپرسیی و توێژینەوە زانستییەکان دەبەستن بە ڕێژەی (٥،٩٧ ٪). هەروەها لە پلەی پێنجەم و کۆتاییشدا بە ڕێژەی (٤،٤٧ ٪) پشت بە ئیمەیل و نامەی وەرگرەکان دەبەستن. دەشێت هۆکاری ئەمەی دواییان، ناشارەزایی زۆرێک لە وەرگرەکان بێت لە بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە، جگە لەوەش بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (چات) بووەتە جێگرەوەی ئیمەیلی ئەلیکترۆنیی، چونکە هەم خێراترە و هەم بەکارهێنانیشی ئاسانترە.

**خشتەی (٩): ئامرازەکانی وەرگرتن و ناردنی سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان:**

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ئیمەیل | ٨ | ١١.٩٤ | ٢ |
| گرووپ چات | ٤٣ | ٦٤.١٧ | ١ |
| ئەپە تایبەتەکان | ٣ | ٤.٤٧ | ٤ |
| ئامرازە ئائینتەرنێتییەکان | ٨ | ١١.٩٤ | ٢ |
| فلاش میمۆری و دیسک | ٥ | ٧.٤٦ | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٦٧ | ٩٩.٩٨ | |

سەبارەت بە ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان لەنێوان خودی سازێنەرانی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، داتاکانی خشتەی (٩) ئاشکرایدەکەن، زۆرینەی سازێنەران بە ڕێژەی (٦٤،١٧ ٪) پشت بە چات و گرووپ چات دەبەستن بۆ ناردن و وەرگرتنیان. پاشان هەردوو بژاردەی ئیمەیلی ئەلیکترۆنیی و ئامرازە نائینتەرنێتییەکانی وەک (Bluetooth) و (Share it) بەشێوەیەکی یەکسان و بە ڕێژەی (١١،٩٤ ٪) پلەی دووەمیان گرتووە. هەروەها بە پلەی سێیەم پشت بە ئامرازە دەستییەکانی فلاش میمۆری و سیدیی دیسک دەبەستن، کە دوو ئامرازی کۆنترن، بەڵام بەکارهێنانیان گرنگە، ئەگەرچی پرۆسەکە خاودەکاتەوە و ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسیان هەیە، بەڵام کەمتر دووچاری هاککردن و سڕینەوە دەبن و بۆ ئەرشیفکردنیش گونجاون. دوایین بژاردەش، بەکارهێنانی ئەپلیکەشن و پرۆگرامە تایبەتەکانە کە لەلایەن ژووری هەواڵەوە لەسەر ئامێری مۆبایل یان کۆمپیوتەر جێگیردەکرێن و لەبری چات و ئامرازەکانی دیکە، ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و سازێنراوە ڕۆژنامەوانییەکان لەوێوە دەکەن. ڕێژەی (٤،٤٧ ٪)ی بەرتوێژان پشت بەم بژاردەیە دەبەستن.

**چوارەم/ ئەنجام و شیکاریی داتاکان:**

دوای خستنەڕووی وەڵامی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە کە ئامانجی ئاشنابوونە بەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکاندا بۆ سازاندنی ڕۆژنامەوانیی پشتیان پێدەبەستن، توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، مۆبایل وەک سەرەکیترین ئامراز بەکاردەهێنن. هۆکارەکەشی تایبەتمەندییەکانیەتی کە زۆربەی پرۆگرام و ئەپەکانی نووسین و دیزاین و مۆنتاژ لە مۆبایلی زیرەکدا هەن، هەڵگرتن و بەکارهێنانیشی ئاسانە. جگە لەوەش، لە هەر کات و جێگەیەکدا بێت، کاری سازاندنی پێدەکرێت.

-تێکست و ڤیدیۆ، دوو ڕەگەزی سەرەکیین لە سازاندنی ڕۆژنامەوانییدا. زۆرینەی بەرتوێژەکان، بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان، ئەم دوو ڕەگەزە وەک هەوێنی بەرهەمهێنان ئاوێتەی ڕەگەزە بینراو و بیستراوەکانی دیکە دەکەن، کە بریتیین لە: (دەنگە سروشتییەکان، دەنگی بێژەر، گرافیک، فۆتۆ). ئەمە یەکێکە لە دیاردە ڕۆژنامەوانییە کاریگەرەکان لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا کە بە تێکەڵکردنی ئەو ڕەگەزانە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش سزاێنراوەکان پێشکەشی وەرگر دەکرێت.

-زۆرینەی سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی لە ماڵپەرە کوردییەکاندا بە ڕێژەی (٥٥،٢٢ ٪) سوود لە هەموو ئامرازە تەکنیکییە بەردەستەکان وەردەگرن

بۆ دەستكارییكردنی ئەلیكترۆنیی سازێنراوە رۆژنامەوانییەکان، کە بریتیین لە: (نوێکردنەوە، سازاندنەوە، ڕاستکردنەوە). لەنێو ئەو تەکنیکانەشدا زۆرترین بایەخ بە نوێکردنەوەی هەواڵەکان دەدەن لەکاتی دەستکەوتنی زانیاریی نوێدا.

-ئەگەرچی یەكێک لە داهێنانە گرنگەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی، دانانی لینکی هەواڵ و زانیاریی پەیوەندییدارە، بەڵام بەراورد بە هەندێک لە ماڵپەرە ناودارە جیهانییەکان، ماڵپەرە کوردییەکان ئەم تەکنیکە پشتگوێدەخەن کە تەکنیكێكی ئێكجار گرنگە و وەرگر دەباتەوە سەر ئەرشیف و باكگراوندی هەواڵەكانی بەردەستی. ئەمە کەلێنێكی گەورەی سازاندنی رۆژنامەوانییە لە ماڵپەرە ئەلیكترۆنییەكاندا. هەروەها بەرتوێژەکان کەمترین بایەخ دەدەن بە دانانی لینکی زانیارییەکان لەسەر سازێنراوە رۆژنامەوانییە ڤیدیۆییەکان بە ڕێژەی (٥،٩٧٪). ئەو ڕێژەیەش لەئاست بایەخی بەکارهێنانی تەکنیکە کاریگەرەکانی سازاندندا نییە لە سەردەمی فرە ئامرازیی (مەڵتیمیدیا)دا.

-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاشکرایدەکەن کە سازێنەرانی رۆژنامەوانیی ماڵپەرە کوردییەکان تایبەتمەندیی بواری کارلێککردنی وەرگریان لەگەڵ سازێنراوە رۆژنامەوانییەکاندا، بەهەند وەرگرتووە. ئەمە لایەنێکی گەشی ماڵپەرە کوردییەکانە کە هەم هەڵکردنە لەگەڵ تەکنیکە تازەکانی ڕاکێشانی وەرگر، پاشان ئامرازێكی ئاسان و گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندن و زانینی ڕادەی فیدباكی وەرگران.

-سازێنەرانی رۆژنامەوانیی لە ماڵپەرە كوردییەكاندا، زۆرترین سەرنجیان لەسەر تۆڕە كۆمەلایەتییەكانە بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەكردنی فیدباكی وەرگر. وەک لە وەڵامەکاندا دەردەکەوێت، زۆرینەیان بۆ ئەو مەبەستە پشت بە ژمارەی بینەر (خوێنەر)ی هەواڵەکان دەبەستن وەک ئامرازێک بۆ زانینی کاریگەریی و ڕادەی بڵاوبوونەوە و هەڵوێستی وەرگر لەبارەیانەوە. بەپلەی دووەمیش ڕێژەی لایک، کۆمێنت، شەیرکردن دەکەنە پێوەر. لایەنی نەرێنیی لێرەدا ئەوەیە کە بایەخێکی کەم دەدەن بە ئەنجامی ڕاپرسیی و توێژینەوە زانستییەکان و ئاماری ئەو ماڵپەرە جیهانییانەی کە تایبەتمەندن بە پۆلێنکردنی ڕادەی جەماوەرییوونی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهاندا.

-زۆرینەی سازێنەرانی رۆژنامەوانیی لە مالپەرە کوردییەکاندا، پشت بە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت دەبەستن، بەتایبەت لە ناردن و وەرگرتنی بیرۆکە و بابەتە سازێنراوەکاندا، لەوانەش چات و گرووپەکانی چات. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئامرازی ئەلیکترۆنیی دیکە هەن کە بەبێ خزمەتگوزاریی ئینتەرنیتیش سوودیان لێوەردەگیرێت، وەکو: وەک (Bluetooth) و (Share it)، هەروەها فلاش میمۆری سیدیی دیسک. ئەو ڕێژانە دەریدەخەن کە لەحاڵەتی نەمانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتدا، سازێنەران دووچاری گرفت دەبن و کاتێکی زۆریان بەهەدەر دەڕوات.

## پێنجەم/ پێشنیار و ڕاسپاردە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە دەخاتە بەرچاوی توێژەرانی میدیایی و سازێنەرانی ڕۆژنامەوانیی و دەزگا میدیاییەکانی کوردستان، بەو ئامانجەی لەبواری پیشەیی و تویژینەوەی زانستییدا سوودیان لێوەربگرن:

-توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی توێژینەوە زانستییەکان لە پەرەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووساندا.

-توێژینەوە دەربارەی کاریگەریی سازاندنی ئەلیکترۆنیی لەسەر فیدباکی وەرگر.

-توێژینەوە دەربارەی دیاردەی ڕۆژنامەوانیی مۆبایل: مۆبۆجۆرنالیزم و سازاندنی ڕۆژنامەوانیی.

-توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی تەکنۆلۆجیا لە پەرەپێدانی توانای پیشەیی ڕۆژنامەنووساندا.

-بایەخدانی زیاتری ماڵپەرەکان بە ئاوێتەکردنی تەکنیک و ڕەگەزەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا.

-بە هەندوەرگرتنی ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانی بواری میدیا و تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و لایەنی خاوەندارییکردنی دەزگا میدیاییەکانەوە.

-ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووسان و ئاشناکردنیان بە هونەر و تەکنیکە هاوچەرخەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیی.

-بایەخدانی زیاتری رۆژنامەنووسان بە خستنەڕووی زانیاریی و باكگراوندی وردی ڕووداوەكان، بە سوودوەرگرتن لە ئامراز و تەکنیکە نوێیەکانی سازاندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانیی.

## لیستی سەرچاوەکان:

١- أرباب، وداد هارون. (٢٠٢١). أساليب التحرير الصحفي الإلكتروني وأدواته المدعومة بتقنيات الوسائط المتعددة في أشكال ومضامين المادة الإخبارية. المجلة العلمية لبحوث الصحافة. ع٢٢. ج١.

٢-الرفاعي، محمد خليل وصبيرة، فلك. (٢٠٢٠). تحرير الصحافة الإلكترونية. من منشورات الجامعة السورية الإفتراضية، سوريا.

٣-المؤمن، إقبال كاظم عيسى. (٢٠٢٢). فن التحرير الصحفي وعلاقته بالتحرير الألكتروني. المؤتمر العلمي الأول للعلوم الإنسانية والتطبيقية والصرفية. جامعة مصطفى الأمين وكلية أصول الدين. بغداد.

٤-حسناء، نابي و لطرش، سميرة. (٢٠٢١). "تأثير تكنولوجيا الإتصال على البنية التحريرية للأنواع الصحفية في إذاعة الجزائر". رسالة ماجستير غير منشورة. كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية،.جامعة محمد بوضياف-مسيلة. الجزائر.

٥-رابح، الصادق. (٢٠١٥). السياقات الشبكية والإندماج الإعلامي والممارسة الإعلامية المعاصرة. مجلة عالم الفكر (الكويت). مج٤٤. ع٢.

٦-سمباوه، مياسر وليد. (٢٠٢٢). تأثير تكنولوجيا الإعلام الرقمي على صناعة المحتوى الصحفي. مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية. مج٦. ع٥.

٧-شافعي، محمود وعبد الرحمن، منى ومطر، سعاد وسطوطاح، سميرة. (٢٠٢٢). الإندماج الإعلامي وصناعة المحتوى. ط١. المتحدة للنشر والتوزيع. أبوظبي.

٨-عابد، سومەیە فاضل و ئەحمەد، فوئاد عەلی. (٢٠٢٢). کاریگەریی تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانیی. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە. ب٧. ژ١.

٩-عبد الرحمن، إسراء صابر. (٢٠٢١). واقع استخدام التكنولوجيا الرقمية في الصحافة المصرية. مجلة بحوث العلاقات العامة- الشرق الأوسط. ع٣٣.

10- Bardoel, jo & Deuze, Mark. (2001). 'Network journalism': converging competencies of old and new media professionals. Australian Journalism Review. Available at: https://scholarworks.iu.edu

11- Díaz Noci & Javier, Palacios. (2009). Online journalism: research methods. A multidisciplinary approach in comparative perspective, Universidad del Pais Vasco. Available at: https://addi.ehu.es/handle

12- Hardy, Jonathan. (2016). "Money, (Co) Production and Power" Digital Journalism 5, no.1. P-P 1-25 Published online. Available at: https://www.tandfonline.com/doi

13- Jenrins, Herny. (2019). Convergence? I Diverge, Technology review, Vol. 6, No3, June, P55.

14-Khan, Asif. (2019). Influence of technology on journalism- Working module. International Journal of Knowledge Management and Practices. 7 (1).

15- Obajuluwa T. M & Talabi F & O. Otunla & A. O and Ajisafe I. O. (2020). Integration of Information Communication Technology in Journalism Practice: A Survey of Journalists in Ekiti Metropolis, Nigeria, Asian Research Journal of Arts & Social Sciences. 10 (1): 1-7.

16-Phillips, Angela. (2015). Journalism in Context: Practice and Theory for the Digital Age (Communication and Society). (New York: Routledge). P-p.102-103.

17-Flew, Terry. (2021). Media Convergence, Britannica, Last up data. Available at: https://www.britannica.com/topic/media-convergence

18- Tami K. Tomasello, Youngwon Lee, April P. Baer. (2010). New media. research publication trends and outlets in communication 1990-2006. New media& Society. Vol. 12(4). P. 533. Published online. Available at: https://www.semanticscholar.org/paper